دکتۆر سیروان کەریم، ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی وەرزش بۆ رۆژی گەل دەدوێ

بەمەبەستی تیشک خستنە سەر کێشەو گرفتەکانی بواری وەرزش بە پێویستمان زانی چەند پرسیارێک لەبەڕێز پرۆفیسۆری یاریدەدەر، دکتۆر سیروان کەریم ڕاگری کۆلێژی پەروەردەیی وەرزشی زانکۆی سەلاحەدین بکەین، بەڕێزیان بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەی دایەوە:

رۆژی گەل: کۆلێژی پەروەردەی وەرزش تا چ ئاستێک توانیویەتی کاریگەری هەبێ لەسەر پەروەردەو تەندروستی کۆمەڵ؟

د.سیروان: کۆلێژی پەروەردەی وەرزش لە ساڵی 1989بوبە کۆلێژێکی سەربەخۆ، لەوکاتەوەتەوە تا ئێستە بروانامەی بەکالۆریۆس پێشکەش دەکات و دەرچوانی لە ناوەندی و دواناوەندیەکانیشدا دادەمەزرێن وئەوانیش بەپێی پێویست زانستی وەرزشیان پێشکەش بەفێرخوازان کردوە. هەروەها کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی لەزانکۆی سلێمانی و زانکۆی کۆیەو دهۆکیش هەیە جگە لە هەشت پەیمانگەی وەرزشی لەروی ئەکادیمیەوە ئێستە قوتابخانەکان لەمامۆستای وەرزش بێبەش نین.

رۆژی گەل: تا چەند دەتوانین بڵێین ئەم مامۆستایانە ئەوەیەکی تەندروست بەرهەم دێنن؟

د.سیروان: ئەومامۆستایانە لەسەر تونای خۆیان وەستاون، هەیانە دڵسۆزن و بەتوانان، بەڵام هەشیانە بەس تەنها بۆ وەرگرتنی بروا نامە دێن بۆخوێندن، بۆ ئەوەی دابمەزرێن، خاڵێکی گرنگ هەیە ئەویش سەرپەرشتیاری مامۆستایانە کە هەندێکیان دڵسۆزن و هەندێکیشیان کەمتەرخەمن، هەمو ئەوانەش تەواوکەری یەکترن بۆپەروەردەیەکی باش، بۆزانیاریتان ژمارەیەکی کەم هەن دڵسۆزی وەرزشین کەخۆیان سەرپەرشتیری وەرزشین.

رۆژی گەل: بۆچی لەوەرگرتنی فێرخوازان لەزانکۆکاندا کۆلێژی وەرزش کەمترین نمرە وەردەگرێت ئەمە مانای پەراوێز خستنی وەرزش نیە؟

د.سیروان: بەڵێ، بەڵام دەبێت لەئاستی باڵاوە دەست پێبکات،وەک وەزارەتی پەروەردە و زانکۆکان، هەرئەمەش وایکردوە کە وەرگرتنی قوتابیان دواین نمرەیە واتە کەمترین نمرەیە بۆ وەرگرتن، نمرە زۆرەکانیش بۆکۆلێژەکانی ترن. هۆکارێک ئەوەیە کە خەڵکی ئێمە گرنگی وەرزش نازانێ یان بەبێ بایەخ تەماشای دەکات، تەنانەت ئیمە وەک کۆلێژ پرسگەیەکی تایبەتمان نیە بەخۆمان، ئێمەلەگەڵ کۆلێژی یاساو کۆلێژی ئەندازیاری تێکەڵین، نەبینای تەیبەتمان هەیە نەیاریگەی تەواومان هەیە، کەموکوڕی ئەمانەش کاریگەری خۆیان دەبێت، بۆیە ناتوانین زۆرشت بکەین.

رۆژی گەل: تەوەرێکی گرنگ کە ماوەیەکە لەنێوانی مامۆستایان و فێرخوازان رودەدات سوکایەتی کردن بەفێرخوازان لەلایەن مامۆستایانەوە پەرەی سەندوە، هۆکاری ئەمەچیە؟

د.سیروان: بۆئەم باسە من سێ رونکردنەوەم هەیە، یەکەم فێرخوازانی ئەم سەردەمە زۆر جیاوازن لەساڵانی 1992تاسالی1998یش، فێرخوازان زۆر بەجوانی دەوامیان دەکردو کێشەیان بۆ مامۆستاو کۆلێژەکەیان دروست نەدەکرد، ئەم چوار ساڵەی دوایی ئاستی فێرخوازان زۆر زۆر دابەزیوە، هەروەها لەروی خو ڕەوشتیشەوەخراپن، هەروەها مامۆستاکانیش هەمویان وەکو یەک نین لەروی ڕۆشنبیری زانستی، هەروەها ناکرێ مامۆستایەک لەسەر هەمو مامۆستاکانی ترگشتگیر بکرێ، کاتێک که50مامۆستات هەیە ئەکرێ 10مامۆستات باش نەبن لەڕوی سروشتی ئاساییانەوە، دەکرێ یەک دو مامۆستاشت لەروی قسەکردنەوە ناگەنە ئەو ئاستە، مامۆستای زانکۆ هەرچەندە خەڵکی بەئاستێکی بەرزەوە تەماشای دەکەن، بەڵام ئەویش ئەوە نیە هەڵە نەکات، یان کارێکی خراپ نەکات.

رۆژی گەل: لەسەرئاستی زانکۆ ئایامامۆستایان وەک یەک دەوام دەکەن ،ئەگەر نا بۆچی ئەم جیاوازیە؟

د.سیروان: بەپێی زانیاریەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا کاتێک کە ماوەی پشووی زانستی بۆ مامۆستایان زیاد کرا پێویستە لەسەر هەر مامۆستایەک لە هەفتەیەکدا 40 کاتژمێر دەوام بکات، بەڵام مامۆستا دەتوانێ ئەو پشووە وەرنەگرێت، دەتوانێ سەرپەرەشتی فێرخوازان بکات یان سەرپەرەشتی لێکۆڵینەوەکان بکات، ئەگەر جیاوازی هەبێ بۆدەوام نەکردنی مامۆستایان ئەوا لەسەر راگری کۆلێژو بەرێوەبەرایەتی کۆلێژوسەرۆک بەشەکان ئەن دەبێ چۆن مامەڵە دەکەن، لای ئیمە ناڵێم نیە، بەڵام پێویستی بەرون کردنەوە هەیە، چونکەکۆمەڵێک دکتۆرمان هەیە کە لە دەرەوەی کۆلێژەکەیان کاری تریان هەیە لەوەزارەت و شوێنەکانی دی، ئێمەش بەپێی یێویست هاوکاریان دەکەین .

رۆژی گەل: بەبۆچونی بەرێزتان جیاوازی کردن لەنێوان فێرخوازان لەلایەن مامۆستایانەوە کاریگەری خراپی دەرونی لەسەر یان دروست ناکات لە کاتێکدا دەبێت مامۆستا بەچاوی یەکسانی تەماشی هەموان بکات؟

د.سیروان: ئایا ئەم جیاوازیە مامۆستا دروستی دەکات یان سەرۆکایەتی کۆلێژ؟ ئیمە وەکو سەرۆکایەتی کۆلێژ هیچ کەسێکمان بەسەر ئەویدیدا نەسەپاندوە، بەڵام هەندێ کات لەبەر تایبەتمەندی کارەکە ئیمە مۆڵەتمان بەفێرخوازان داوە ئەوەش لەهەمو شوێنێک هەیە، لەوانەیە جیاوازی هەبێ هەر بۆیە ئەو پرسیارەم کرد، دەکرێ هەندێ مامۆستا ئەوە بکەن بەڵام وەک ڕاگری کۆلێژ ئەوە نیە.....

رۆژی گەل: ئایادەستێوەردانی حیزبی لەنێو زانکۆداهەیە،یان تائێستە ماوە؟

د.سیروان: ئیمەدەزانین ئێستە هەمومان لەعێراقی فیدراڵ لەنێو کەشێکی حیزبیدا دەژین، تا ئێستەش حزب حوکم دەکات، یان دەکرێ حوکمڕانی لەلایەن حزبەوە بەڕێوە دەچێ، بەڵام تا ئێستەمن نەم دیتوە دەستیوەردان هەبێت یان دەست وەربداتە کارو بارەکان بەتایبەت بابەتە زانستیەکان، بەڕاستی ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ڕاگری کۆلێژەکان کە تا چەند گوێڕایەڵیان دەبێت، ناشڵێم حەقی ئەوەشیان نیە، چونکە هەندێجار پشتگیری کەسێکی باش دەکەن کەشایانی ئەوەیە وەربگیرێت لە کۆلێژێک کەسەربەلایەنێکە، یان نزیکە لەبەر پرسێک، کاتێک ئیمە زانیمان شایانی ئەوەیە وەربگیرێ وەریدەگرین، بەڵام تائێستا حیزب نەیویستوە ئەوەبکات.

رۆژی گەل: ئاستی زانستی زانکۆکان چۆن دەبینی بەتایبەت زانکۆی سەلاحەدین؟

د.سیروان: بەخراپی دەبینم، چونکە لەروی زانستی قوتابیانەوە من تەماشای دەکەم لەم چەند ساڵەی دواییەدە زۆر خراپ بوو، ئەم یەک دووساڵە نەبێت هەندێک گۆڕانکاری تێدا کراوە، چونکە لەپێشدا هەرچۆنێک بوە پۆلی شەشیان تەواو کردوەو هاتونەتە زانکۆ، بۆیە ئاستیان زۆر خراپە، بەڵام ئەم یەک دووساڵە کاری باش کراوە لەبواری پەروەردەیدا بۆیە گەشبینم بەئایندە، تاکو بتوانین نەوەیەکی زانست پەروەر بەرهەم بێنین، لەئایندەشدا نەوەیەکی زانست پەروەر دەگاتە زانکۆ.

رۆژی گەل: لەوجیلەی ئێستا ڕازیت؟

د.سیروان: لەڕوی زانستی و خوڕەوشتەوەش ناڕازیم، وادەزانم فێرخوازان زۆر ڕویان پێدراوە، دەبێ مافێکیان پێبدەین چونکە قوتابیان هەمو پێداویستیەکانیان بۆ دابین نەکراوە لەبواری خوێندندا، بەڵام بەئایندەش زۆرگەشبینم.

پەیامنێری رۆژی گەل

پاشماوەی: تورکیە؛ تارمایی "شەڕێکی چەپەڵ"

نۆشیروان ئەلچی دەڵێ : "زیاتر لە ٨٠ بنەماڵەی خاوەنی بێ سەرو شوێنەکان لە مانگی دیسامبرەوە بێ دەنگیان شکاند، هەر حەوتوویەک دۆسیەیەکی تازە دیتە گۆڕێ- لە ناو لێکۆڵینەکان دا شایەدی تازە هاتوونە ئاراوە و دەبێ لە باشووری ڕۆژهەڵات ساغ بێتەوە و کۆبێتەوە، واتە لەو شوێنە کە هەندێک کەس دەبێ بۆ مێژوو باسیان لێبکرێ- بە سەر سوڕمانی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە، چەندین کەس لە بەرپرسانی سەرەوەی ئەسکەری کە لە کاتی بێ سە رو شوێن کردنەکان دا لە ساڵەکانی ١٩٨٧ هەتا ٢٠٠١ کاربەدەستانی ناوچە بوون لەو حەوتوویانەی دوایی دادەستگیرکران : ماژۆر عارف دوگان ناسراو بە" فریشتەی مەرگ"، هەروەها ژینیرالی پێشوو بە نێوی لەوەن ئەرزۆس کە بە بێ ڕوحمی و دڕندەیی بە ناو بانگ بوو-

لە ڕۆژی ٢٣ ی مانگی مارس، کولونێل جەماڵ تەنیرۆس هاتە گرتن، ناو براو کە سەرۆکی پێشووی ژیتێم بوو لە ناوچەی سیزر لە لایەن تاوانبارەکانەوە کە زووترگیرابوون، وەک بەرپرسی بڕیاری فراندنی جەندین کەس ناساندرا- ناوی ئە و ئێستاش پاریزەر ئەلچی وەلەرزە دەخا : کاتێک خەڵک تووشی دەبوون، ڕێی خۆیان بادەداوە بۆ ئەوە کە چاویان بە چاوی نەکەوێ، هیچ کەس ناوێرێ بەو ڕێیە دا بروا کە دەچێتەوە گوندی جیرانیان بە نێوی کوشتەپە- ئەو گوندە کە چۆل کرابوو لە لایەن سێ کەس لە" کێشکچێکانی ئاوایی{جاش} پاریزگاری لێدەکرێ، ئەوانە یارمەتیدەری ئەسکەری تورک بوون- جەماڵ تەنیرۆس گۆڕێکی بە کۆمەڵی هێناوە تەدی، لێکۆڵینەکان ئێسک و پروسکێکی زۆریان دۆزیوەتەوە، یەکێک لە کێشکچێکان لە حاڵێک دا کە بە کەڵاشینکۆفەکەیەوە ئاماژەی بە ئیمە دەکرد کە بڕۆین و ڕانەوەستین، بە تووڕو یێیدەڵێ :" ئێسکی ئەسپە، هیچی تر-" ساڵح تەیبوگان، وەرزێرێکی خەڵکی سیلۆپی دەبێژێ :" ئە و وەختە نەمان دەوێرا قسە بکەین، لەوانە بوو ئیمەش گیانمان لە دەست بدەین-"

براکەی کە لە نزیک سنوور کاری دەکرد لە گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆی رفێندرا و سەییارەکەی سووتێنرا " لە دوو سەد میتری بۆتاس"، چەند مانگ پاشان چەند مەیتێکیان لە چاڵاوێک دەرباز کرد، لە ژێر کۆنە چێشتخانەیەک دا- ساڵح تەیبوگان ئێژێ : " ئیمە تێستی ئادن بە کار دێنین، ئەو ڕۆشتەکان خەریکن دەگۆڕدرێن، کاتێک بیستم کە گۆڕە بەکۆمەلەکان دەدەنەوە، هاتم داوا ی مافەکانی خۆم بکەم-"

مەسەلەی "چاڵاوەکانی مەرگ" ئاخرین دەورانی بێ سزادانی بوو بو ئەو تاوان و جینایەتانە کە هەتا ئەو دواییانەش هەر بەر دەوام بوو- لە ئێستانبوڵ و دیاربەکر، دایکانی ڕۆژی شەممۆ- نموونەی تورکی دایکەکانی مانگی مای لە بوئنوس ئایرس- خۆ پیشاندانەکانی حەوتوویانەی خۆیان دەست پێ کردەوە بە مەبەستی تەحویل دانەوەی جەنازەی منداڵەکانیان- پاریزەر سزگین تانریکۆ دەڵێ : "ئێستا پێویستە کۆمیسیۆنی ڕاستەقینەی ڕاستی و ئاشتی دابمەزرێ، مەسەلە ئەوەیە کە کاربەدەستان و بەرپرسانی پێشووی ژیتێم ئێستاکەش هەر لەسەر کارن و لە ناو هێزی ئەسکەری دان-" کەلونیل عەبدوالکەریم کرسا کە لەلایەن عەبدوالقادر ئایگانەوە وەک بکووژی لانی کەم ١٢ کورد لە ساڵەکانی ١٩٩٠ دیاری کراوە، بە مردویی لە مانگی ژانویە دا دۆزرایەوە، گوللە یەک لە ناو سەردا، بە بێ ئەوە کە پرس و جوی لێبکرێ- بە شێوەی ڕەسمی و فرمی، خۆی کوشت، تەواوەتی بەرپرسانی سەرەوەی ئەسکەری تورک لە لە ناو گڵ نانی دا بە شدار بوون-

وەرگێڕانی لە فەرەنسیەوە:
عەزیزی ماملێ

ناپاکی هاوسەری لە پێناو چی؟!

لەوانەیە ناپاکی نێوان خۆشەویستەکان، بەتایبەتیش ناپاکی هاوسەرەکان پرسۆترین ئازارو برینێکی قوڵ لەناخی مرۆڤ جێبهێڵێ، بۆیە قسەکردن لەسەر ئەو دیاردەیە کارێکی هێندە ئاسان نیە، بەڵام دیسانیشەوە دەکرێ لە خودی خۆمان و لە دەوروبەرەکەمان بپرسین: ناپاکی کردن لە هاوسەر لە پێناو چی؟! ئایا ئەگەر هاوسەرەکەت ناپاکی لەگەڵدا کردیت، دەیبوریت یان نا؟!

وەڵامدانەوەی ئەو دوو پرسیارە بەقەد دۆزینەوەی تەمەنی گەردون سەختە، چونکە مرۆڤەکان دان بە ڕاستی هۆکارەکان دانانێن، کاتێک خۆشیان ناپاکی لەبەرانبەرەکەیان دەکەن، ئامادە نابن دان بە ناپاکی و هەڵەکانیان دابنێن و داوای بووردن لە بەرانبەرەکەیان بکەن، بەتایبەتیش پیاوان، چونکە پیاوانی کۆمەڵگە دواکەوتوەکان کاتێک بۆ سێکس کردن پەنا بۆ ژنی دیکە دەبەن بە ئاسایی وەری دەگرن، بەڵام ئەگەر ژنەکانیان پەرچەکردار وەربگرن و سێکس لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا بکەن، ژیانی دەکەوێتەوە مەترسیەوە، لەوانەیە بە مەرگ تەواو ببێ.

زۆرجاران گوێ بیستی ئەوە دەبین کە فلانە ژن یان فلانە پیاو پەیوەندی ژێراوژێری لەگەڵ کەسێکی دیکەدا هەیەو لەگەڵیدا ڕادەبوێرێ، بۆیە دەکرێ ئەو ناپاکی کردنە لە هاوسەر بە ڕابواردن ناوزەد بکرێ، بەوهۆیەوە دەبێ بە دوای هۆکارەکانی ڕابواردن دا بگەڕێین، بەتایبەتیش کاتێک ژنێکی بنەماڵەکەیەکی هەژار لەپێناو بڕێک پارە یان خەڵاتێک ئامادە دەبێ جەستەی خۆی پێشکەش بە پیاوێکی دیکە بکات، هەرچەندە ناکەوێتە خانەی ڕابواردن، بەڵام یەکسەر وشەی قەحپەی بەسەردا دادەبرێ، کەچی ئەگەر پیاوێکی هەژار لە پێناو وەدەست هێنانی بڕێک پارە یان خەڵاتێک سێکس لەگەڵ ژنێکی دیکەدا بکات، ئەوە بە جوامێری بۆی پێوانە دەکرێ، کەچی ناپاکیەکە لە هەردوو حاڵەتەکەدا لەپێناو وەدەست هێنانی پارەبووەو سەرچاوەی لە نەبوونی و هەژاریەوە گرتووە. باشە ئەگەر پیاوێکی هەژار زانی کە ژنەکەی لەپێناو وەدەست هێنانی بڕێک پارە سێکسی لەگەڵ پیاوێکی دەوڵەمەنددا کردووە، لێی دەبووری یان نا؟!

بێگومان مرۆڤی ئاسایی و نەفس بەرز ئەو حاڵەتە پەسند ناکات و ڕێگە نادات کە ژنەکەی کارێکی لەو جۆرە بکات، هەرچەندە لەوانەیە نموونەی لەو جۆرە لە هەموو کۆمەڵگە دواکەوتوەکاندا بوونیان هەبێ. یان ئەگەر کاتێک ژنێکی هەژار پێیزانی کە مێردەکەی بۆ وەدەستهێنانی پارە سێکسی لەگەڵ ژنێکی دیکە دا کردوە، ئایا لێی دەبورێ یان ئاسانکاری بۆ دەکات؟!

بێگومان ژنی ئاسایی و ڕەوشت بەرز ڕێگە بە مێردەکەی نادات کە لە پێناو وەدەست هێنانی پارە سێکس لەگەڵ ژنێکی دیکەدا بکات، بەڵام لەوانەیە ڕەوشەکە وەکو حاڵەتی پێشوو نەبێ و نموونەشی کەمیش لەبەردەست دا هەبن.

ئەگەر ناپاکی کردن ڕەوشی ڕابواردنی وەرگرت کە زۆربەی جارەکان پیاوانی دەوڵەمەند ئەنجامی دەدەن و شێوازی جۆراوجۆر بۆ دەستەمۆکردنی ژن و کچان بەکار دەهێنن، یان پەنا بۆ ژنە ڕووسپیەکان (سۆزانیەکان) دەبەن، ئایا ئەو شێوازی ڕابواردنە واتای ناپاکی کردن نادات؟ ئایا ژنی پیاوانی دەوڵەمەند ڕێگە دەدەن کە مێردەکانیان لە سەفەرەکانیاندا پەنا بۆ ژنی ڕوو سپی ببەن؟! بێگومان دەگمەنن ئەوانەی کە ڕەزامەندی لەسەر دەدەن، بەڵام لەوانەیە لەنێو کۆمەڵگەی دواکەوتودا هەندێک لە ژنان ئەوە بە کارێکی هێندە سەخت و قێزەوەن نەزانن و لێپرسینەوە لەگەڵ مێردەکانیاندا نەکەن.

باشە ئەگەر ژنێکی دەوڵەمەند مێردەکەی لەماڵ نەبوو، شوێن پێی مێردەکەی هەڵگرتەوەو پەنای بۆ پیاوێکی دیکە برد، ئایا پیاوەکە ئەو ناپاکیە لە ژنەکەی قەبوڵ دەکات؟!

باوەڕ ناکرێ کە هیچ پیاوێک ئەو ناپاکیە پەسند بکات، بەڵام ئەگەر مرۆڤی هاوسەردار دووچاری پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا هات و بەرەو ناپاکی کردن ڕۆیشت کە زۆربەی جاران ژنەکان دەسخەڕۆ دەبن، ئایا بەرانبەرەکەیان ئامادەیی ئەوەیان تێدا هەیە کە لێیان ببورن؟!

مخابن تا ئێستاش ژنی ناپاک بە قەحپەو پیاوی ناپاکیش بە گانکەر پێوانەی بۆ دەکرێ ، لە کاتێکدا ناپاکیەکەیان یەک ئەندازەیە.

نەرمین هەندرێن